


# بتهۆڤن

**هەورامان وریا قانع**

دانەری ئەم کتێبە "ئەدمۆند مۆریس"ی توێژەرە، کە بەشێوەیەکی گشتی پسپۆرە لە مێژووی مۆسیقاو بەتایبەتی ژیانی "بتهۆڤن". ئاشکرایە گەر "مۆزارت" لە مێژووی مۆسیقای جیهانی دەربێنین، ئەوا "بتهۆڤن" گەورەترین مۆسیقارە لە مێژووی مۆسیقای مرۆڤایەتیدا. دانەر لە سەرەتای کتێبەکەیەوە دەڵێ: (بتهۆڤن ساڵی 1770 لە شاری بۆنی ئەڵمانیا هاتۆتە دنیاوە، واتە لە هەمان ئەو ساڵەدا کە تێیدا "هیگڵ" لەدایك بووە. ساڵی 1827 لە تەمەنی 57 ساڵیداو لە ڤییەنای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی نەمسا کۆچی دوایی کردووە. لە مێژووی مۆسیقادا دەکرێ کارە مۆسیقییەکانی "بتهۆڤن" وەك حەڵقەیەك بۆ گەیاندنی قۆناغی مۆسیقای کلاسیکی بە قۆناغی مۆسیقای ڕۆمانتیکی تەماشا بکرێ. "بتهۆڤن" توانیی کاریگەریی خۆی بە درێژایی سەدەی نۆزدەو بگرە تەنانەت سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لەسەر مۆسیقا جێبێڵێت). هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە وەك چۆن شاعیرە گەورەکان ناکرێ پۆلین بکرێن، ئاواش زەحمەتە "بتهۆڤن" پۆلین بکرێ. لێرەوە "بتهۆڤن" نە کلاسیکییە نە ڕۆمانتیکییەو نە تازەگەرە، بەڵکو ئەو هەموو ئەوانەیە پێکەوە. ئەو نوێنەری مۆسیقایەکی نەمری هەتاهەتاییە. یەکێك لە هاورێ نزیکەکانی ئەم دەستەواژەیەی بە "بتهۆڤن"ی وتووە، کە بووە بە پەند: (بتهۆڤن کەسێکت بیردەخاتەوە، کە بەیەکجار چەند سەرێك‌و چەند دڵێك‌و چەند ڕۆحێکی هەبێت).

لە ڕاستیدا ئەو وتەزایە بەسەر "بتهۆڤن"دا دەچەسپێت، کە دەڵێ: (لەپشت هەر ناتەواوییەکەوە، کەسێکی مەزن هەیە)، چونکە "بتهۆڤن" کەڕ بوو یان دواتر کەڕ دەبێت، ئەمەش گیروگرفتی زۆری بۆ دروستکرد، بەڕادەیەك ناچاربوو لە ڕێگەی نووسینەوە پەیوەندی بەو هاورێیانەیەوە بکات، کە لەبەردەمیدا دادەنیشتن. بەمشێوەیە دەیان دەفتەری بە پرسیارو وەڵام پڕکردۆتەوە، ئەو دەفتەرانە دەفتەری ئەو وتووێژە بەناوبانگانەن، کە لە چایخانە جوانەکانی ڤییەنادا ئەنجامدراون. ئەوەی لە ئێستادا دەرفەتی سەردانی ئەو شارەی بۆ ڕێکەوێت، لەوێ چایخانەیەك بە ناوی "بتهۆڤن"ەوە دەبینێت. ئەوە چایخانەیەکی نایابو کۆنە، زۆربەی گەشتیاران سەردانی ئەو چایخانەیە دەکەن‌و یادی ئەو مۆسیقارە بلیمەتە دەکەنەوە، کە ناوی دنیای پڕکردبوو، خەڵکیشی بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو.

دواتر دانەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئاوا دەڵێ: "بتهۆڤن" لە خێزانێکی سادەو ساکار لەدایك بووە، بەڵام ئەو خێزانە ساڵانێکی تارادەیەك دوورودرێژ بایەخیان بە مۆسیقا دەدا. باپیری‌و باوکی مۆسیقار بوون، بێگومان ئەوەش کاریگەریی خۆی بەسەر "بتهۆڤن"ەوە جێهێشتووە. باوکی هەر لە منداڵییەوە

توانای مۆسیقیی لە کوڕەکەیدا بەدیکرد، بۆیە گرنگیی بەو توانایە داو لەسەر ئالەتەکانی مۆسیقا مەشقو ڕاهێنانی پێدەکرد. باوکی بیری لەو مەزنیو نەمرییە دەکردەوە، کە "مۆزارت" پێش ئەو مێژووە بە 15 ساڵ بەدەستیهێنابوو، لێرەوە ئەم باوکە کەوتە دابینکردنی هەموو بارودۆخێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی، تاکو لە ناخیدا بە تەواوەتی بلیمەتییەکەی گەشەبکاتو بکرێتەوە. دواتر بردییە لای یەکێك لە شازادەکانی ئەڵمانیا، ئەو شازادەیەش پێی سەرسام بوو، ڕازیبوو بەوەی هەم بیپارێزێو هەم چاودێریشی بکات.

ئاشکرایە لەو سەردەمەدا ئەدیبو مۆسیقارەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بە کارە داهێنەرەکانیان بدەن، پێویستیان بە پشتگیریو پاڵپشتیی دەسەڵات هەبوو، هەر ئەمەش بوو لەگەڵ "مۆزارت، گۆتە، باخ"و دەیانیتر ڕوویدا. دواتر "بتهۆڤن" لە ساڵی 1784دا کە تەمەنی تەنها 14 ساڵ بوو، یەکێك لە شازادەکان دەناسێ، ئەم شازادەیە "بتهۆڤن"ی لەگەڵ خۆی بردە ڤییەنا، کە لەو سەردەمەدا پایتەختی هونەرو جوانکاریو فیکر بوو. کاریگەریی ئەم شازادەیە لەسەر ئایندەی"بتهۆڤن" کاریگەرییەکی گەورە، بگرە کاریگەرییەکی حاسم بوو. دەڵێن لە ڤییەنا "بتهۆڤن" لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا "مۆزارت"دەناسێ، بەڵام ئەو کەسەی لە ڤییەنا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر "بتهۆڤن"ەوە دەبێتو یارمەتییەکی باشی دەدات بۆ کرانەوەو گەشەکردن، مۆسیقارێکی گرنگی ئەو سەردەمەیە، کە لە ئێستادا ناوبانگی نییەو ناوی "هایدن"ە. ئەم مۆسیقارە ئەو کەسەیە دوای ئەوەی "بتهۆڤن" لە ساڵی 1787دا دایکی دەمرێو لە ساڵی 1789دا باوکی لەنێو خواردنەوەی مەیو شەرابدا نوقمدەبێ، ئەو "بتهۆڤن" دەیگرێتە خۆی، لەو بارودۆخەدا کەسێك نەبووە گرنگی بە "بتهۆڤن" بدات یان بەخێوی بکات، بۆیە قەدەر ئەو کەسەی بۆ دەنێرێتو لە مردن یان لە ونبوونێکی ڕاستەقینە ڕزگاریدەکات. پێدەچێ ڕەحمەتێکی خودایانە لەپشت ناردنی ئەو کەسەوە بێت، تاکو بلیمەتێکی وەك "بتهۆڤن"مان بۆ بپارێزێ، ئا بەمشێوەیە ساڵی 1792 "بتهۆڤن"و ئەم کەسە شاری بۆنو لێواری ڕووباری (ڕاین)یان جێهێشتو ئیدی تا ئەبەد بۆی نەگەڕانەوە. "بتهۆڤن" بەرەو ڤییەنا کەوتەڕێ، تاکو دواتر بەختی خۆی لەو شارەدا تاقیبکاتەوەو ناوبانگو نەمری بەدەستبێنێ.

یەکێك لە هاوڕێیانی "بتهۆڤن" ئەم پێشبینییەی بۆ دەنوسێ: (بتهۆڤنی ئازیز، تۆ بۆیە سەفەر بۆ ڤییەنا دەکەی، تاکو ئاواتێکی مەزنی ئێمە بێنیتە دی، کە بریتییە لەوەی شوێنی مۆزارت بگریتەوە. مۆزارت کە بەشێوەیەکی جەرگبڕانەو لە تەمەنی 35 ساڵیدا بەجێی هێشتینو جارێ هەر پرسەی بۆ دەگێڕین. ئێمە بۆ ئەوەی مردنی مۆزارتمان بیرچێتەوە پێویستمان بە تۆیە، ئێمە دڵنیان لەوەی تۆ لە ناخی خۆتدا ڕۆحی مۆزارتت هەڵگرتووە یان لەوانەیە لەسەر دەستی هایدنی هاوڕێت وەرتگرتبێ. تۆ تاقە کەسێکی بتوانی شوێنی مۆزارت بگریتەوە)، هەر ئەوەش بوو ڕوویدا. "بتهۆڤن" دوای چەند ساڵێکی کەم توانیی مۆزارت لەبیر خەڵك بباتەوە، توانیی قەرەبووی مردنەکەی بکاتەوە، ئیدی دوای ئەوەی سەمفۆنیا نایابەکانی دەرکەوتن. خەڵکی زۆر بە توندی خۆشحاڵبوونو لەنێوان خۆیانو لەگەڵ خۆیاندا دەیانوت: نا، مۆزارت نەمردووە، چونکە خودا مۆزارتێکی تازەی پێبەخشین، ئەویش "بتهۆڤن"ە. گەورەترین بلیمەتی مۆسیقاری ئەم سەردەمە، ڕەنگە بۆ هەموو سەردەمانی دیکەش هەروابێت. ئێمە ئەمە دەڵێین، چونکە ئەم "هایدن"ە مامۆستای "مۆزارت"یش بووە، هەر ئەو بوو یارمەتیی "مۆزارت"ی دا بلیمەتییەکەی لە بورای مۆسیقادا گەشەبکاتو بکرێتەوە.

وەلێ "هایدن" نەیتوانی پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرموگوڕ لەگەڵ "بتهۆڤن"دا ببەستێ، وەك ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ "مۆزارت"دا بەستبووی، بۆچی؟ چونکە "بتهۆڤن" لەیەککاتدا هەم کەسێکی ئاژاوەگێڕو هەم کەسێکی سەرسەخت بووە، تەنها ئەو شتانەی جێبەجێ دەکرد، کە خۆی دەیویست، بۆیە"هایدن" مامۆستای مامۆستاکان پێی دەڵێ: (بتهۆڤن تۆ مەوهیبەیەکی گەورەت هەیەو تابێت مەوهیبەکانت گەورەو گەورەتر دەبن. ڕەنگە لە جیهانی مۆسیقادا بگەیتە کۆمەڵێ شت، کە پێشتر هیچ مرۆڤێ پێی نەگەیشتووە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێ حەزی زۆری، کە ملکەچی یاساکانی مۆسیقا نابێت، تۆ دەتەوێ یاسا گشتییەکان ملکەچی حەزە تایبەتییەکانی خۆت بکەیت، نەك بە پێچەوانەوە. بتهۆڤن مامەڵەکردن لەگەڵ

تۆدا چەند سەختو گرانە!). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە سەختو پڕ پەشێوییەی نێوان "بتهۆڤن"و مامۆستاکەی، کەچی "بتهۆڤن" دواجار دانی بەوەدا نا، کە ئەو قەرزاری مامۆستاکەیەتیو ڕۆڵێکی کاریگەری پۆزەتیڤی هەبووە لەسەری.

دانەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ: وەڵێ "بتهۆڤن" تەنها بە فێربونی مۆسیقاو ژەنینی ئالەتە جیاوازەکانی وەك پیانۆ و ئەوانی دیکەوە نەوەستا، بەڵکو دەستی بە خۆڕۆشنبیرکردنیش کرد، چونکە مۆسیقاری نارۆشنبیر ناتوانێ کاری بلیمەتیانە بەرهەمبێنێ. مەوهیبە بە تەنها بەس نییە، لەبەر ئەم هۆیە "بتهۆڤن" دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکانی یۆنانو شەکسپیرو بەرهەمی سەرکردەی بزاوتی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیا، بۆ نموونە بەرهەمەکانی برایان "شلیفل"و پاشتر "گۆتە"و "شیلەر". خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو نووسەرانە دواتر کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کارە مۆسیقییەکانی بەجێهێشت. پاشان "بتهۆڤن" دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانو بیرمەندانی فەلسەفەی ماتریالیزمی ئەڵمانی، لە نموونەی "هۆڵدەرلین"و "هیگڵ"و "کانت"...هتد، ئەم بیروڕایانەش تەبیعەتە زبرەکەی "بتهۆڤن"یان نەهێشتو کردیان بە کەسێکی نەرمونیان. ئاشکرایە "بتهۆڤن" یەکێك بوو لە هەوادارانی فیکری ڕۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسیو دژ بە سەردەمی دەرەبەگایەتیی کۆنەپەرستو ستەمگەری کۆن بوو، هەروەها ئاشکرایە ئەو فیکرانە لە ئەورووپای ئەو سەردەمەدا وەك چۆن ئاگر لە پوش بەردەبێت، ئاوا بڵاوبووبووەوە. لە واقیعدا کاتێ "ناپلیۆن پۆناپارت" ئەڵمانیاو سەرجەم ناوچەکانی دیکەی ئەورووپای داگیرکرد، "بتهۆڤن" لە هەرەتی لاویدا بوو، "ناپلیۆن" لە ڕێگەی ئەو هێرشانەیەوە بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسیو دروشمەکەی، کە داوای بەدیهێنانی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی)ی لەسەر گۆی زەوی دەکرد، گەیاندە ئەو وڵاتانەی دیکەی ئەورووپا.

بێگومان کۆی هەموو ئەو فیکرە تازانەش کاریگەرییان لەسەر کەسایەتیو کارەکانی "بتهۆڤن"هەبووە، ئا لێرەوەیە مۆسیقاو سمفۆنیا مەزنەکانی شێوازێکی ڕزگاریخوازانەی گەورەی هەیە. "بتهۆڤن" لەو سەردەمەدا کەم تا زۆر سەردانی باڵیۆزخانەی فەرەنسای لە ڤییەنا دەکردو لەوێ چەندین کەسایەتیی دەبینی، کە لە "ناپلیۆن"ەوە نزیك بوون. پاشان لە ساڵانی دواتردا "بتهۆڤن" گەیشتە پەیداکردنی ناوبانگو پارەیەکی زۆریشی دەستکەوتو هەموو ئەو ئاواتانەی هاتنەدی، کە بوونە هۆی ئەوەی لەو هەژارییە کوشندەیەی پێشتر هەیبوو بێتەدەرێ. وەڵێ لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی مەزن نرخی خۆی هەیە، بۆیە لە ساڵی 1796دا "بتهۆڤن" هەست دەکات کەڕ بووە، واتە لە تەمەنی 26 ساڵیدا، بەڵام لەسەرەتادا کەڕییەکەی نیمچە کەڕی بوو، کەچی دواتر زۆر بەخێرایی پەرەدەسێنێو گەورەتردەبێت، بەشێوەیەك لە ساڵی 1820دا بە تەواوی کەڕ دەبێتو هیچ نابیستێت، ئەو حاڵەتەش زۆر ئازاری داو لە ناخەوە بریندار کرد، بەڵام دەیتوانی چی بکات؟ ئا ئەمەیە باجی ناوبانگو نەمری. ئەوەی زۆر ئازاری دەدا ئەوە بوو کاتێ بە تەنها دەمایەوە، چیتر نەیدەتوانی گوێی لە ورشەی درەختو گڤەی باو جریوەی باڵندەکانی دەوروبەری بێت، بگرە تەنانەت چیتر نەیدەتوانی گوێی لەو مۆسیقا تایبەتانەی خۆشی بێتو دوای تەواوبوونی ژەنینەکانی نەیدەتوانی گوێی لە چەپڵەی خەڵکەکەش بێت.

ناوی کتێب: بتهۆڤن.
لە بڵاوکراوەکانی: هاربەر کۆلینز/ نیۆیۆرك، لەندەن 2007.
ژمارەی لاپەڕە: 256 لاپەڕەی مامناوەند.

**سەرچاوە**: بیان الكتب. 2007/4/23